# کێشە یاساییەکان لە بەردەم کەمینە نەتەوەیی و ئاییینەکانی ئێراندا

ماڵپەڕی ئیسنا و ئیرنا

کۆمەڵگەی ئێران لە کۆمەڵێك کەمینەی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتووە، ئەمەش بە درێژایی مێژوو لە ئێراندا بووەتەهۆی پۆلێنبەندیی ئایینی و نەتەوەیی و لە لایەکی تریشەوە هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لێکەوتووەتەوە. هەندێك لە کەمینە نەتەوەییەکان زۆرجار کەمینەی مەزهەبیشی لێدەکەوێتەوە وەك کورد و تورکمان و بلووچ لەبەرئەوەی زۆربەیان شوێنکەوتووی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات نین.

مەسەلەی دیموکراسی لە ئێران مێژووییەکی ئەوەندی نییە و یەکەمین دەستوور لە ئێران بۆ 111 ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، کە دوای شۆڕشی مەشروتە یەکەمین دەستوور نووسرا و دەستبەجێ دوای گۆڕانگارییەك پەسەندکرا، قەتیش بەتەواوەتی جێبەجێنەکرا، هەرئەمەش وایکردووە کە گەلی ئێران لە گرنگیی ڕاستەقینەی دەستوور تێنەگەن و ئاشنای نەبن.

## کورتەیەك لەبارەی دەستووری ئێستای ئێران

ئەم دەستوورە ساڵی 1979 نووسراوە، هەر لەو ساڵەشدا خرایە ڕاپرسی بۆ ئەوەی دەنگی گەلانی ئێرانی لەسەر بێت، لەو ڕاپرسییەدا گەلی کورد بەشدارینەکرد و بایکۆتیکرد. لەو دەستوورەدا هەندێك ماددە و بڕگە هەیە، کە لەگەڵ مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینییەکان یەکناگرێتەوە. چونکە لە هەندێك لە ماددە و بڕگەکاندا زۆر بەئاشکرایی و ڕوونی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی زەوتکراوە. بەپێی ماددەی چوار هەموو یاساکان لە ئێران بەپێی بنەماکانی ئیسلام و شەریعەتی ئێسلام و لەسەر بنەمای مەزهەبی رەسمی وڵات کە شیعەی 12 ئیمامییە پەسەند دەکرێت و دەرچێت.

چونکە دەستووری ئێران لەسەر باوەڕ و بڕوا بە مەزهەبی شیعەی 12 ئیمامی وەك مەزهەبی زۆرینەی وڵات دارێژراوە، ئەمەش غەدرێك و هەڵاواردنێکی ناڕەوای لە دژی کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکانی لێکەوتووەتەوە، لەبەرئەوەی کە کەمینە ئاینیەکان بڕوایان بە مەزهەبی رەسمیی وڵات، کە مەزهەبی شیعەیە نییە و ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی کە ئەو هاووڵاتییانەی کە شوێنکەوتەی مەزهەبی شیعە یان ئاینی ئیسلام نین هەست بە غەدر و ناهەقی بکەن.

لە ماددەی 13ی دەستووری ئێران هەندێك لە کەمینەکانی وەك مەسیحی یان جوولەکە و موسڵمانی شوێنکەوتووی مەزهەبە جیاوازەکان، بۆیان هەیە لە ئەندازەی داب و تەقالیدی ئایینی خۆیان مەراسیمە ئایینەکانی خۆیان بەڕێوەببەن.

بەگەورەزانین و بەرزڕاگرتن و گرنگیدان بە باوەڕێك و لەبەرچاونەگرتنی هەموو باوەڕە مەزهەبییەکانی تر لە ماددەی 12 دەستوور بەڕاشکاوی دەردەکەوێت، چونکە لەو ماددەیە دا مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی بووەتە بەردی بناغەی دەستوور و هەریاسایەك، کە دەربچێت دەبێت لەسەر بنەمای سەرەکیی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێت، کە ئەویش مەزهەبی شیعەی 12 ئیمامییە. لە ئێستا دا هەرجۆرە چالاکییەکی مەزهەبی لە دەرەوەی مەزهەبی 12 ئیمامی سەخت و دژوارە و ئەمەش بەشێکە لە هەڵاواردن، کە لە ڕێگەی یاسا و دەستوورەوە دەکرێت.

> **ڕێڕەوی نەتەوە نافارسەکان زێدەتر نومایانی خۆیان لە بندەستی ئایینی و دکتاتۆرییەتی دینیدا دەبیننەوە. ئەوەی وادەکات سەرلێشێوانێکە، کە هەندێك دەڵێن خودی سیاسەتی میرییە و هەندێکیش دەڵێن بەهێزیی هەستی ئایینی نافارسەکانە**

زۆرجار چالاکیی مەزهەبە کەمینەکان دەبێتەهۆی ئەوەی، کە لەلایەن دادگاوە بە دژایەتیکردنی مەزهەبی شیعەی 12 ئیمامی و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات لەقەڵەم بدرێت. بەپێی ماددەی 500 سزادانی ئیسلامی لە ئێران هەرجۆرە چالاکێکی کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینییەکان لەڕاستیدا بە مانای دژایەتیکردن و سڕینەوەی مەزهەبی شیعەیە و ئەمەش یانی چالاکی لە دژی سیستمی وڵات و بە تاوان لەقەڵەم دەدرێت.( ئەم بابەتە زۆر جار کەمایەتییەکانی وەك مەسیحی و جوولەکە و یارسانی و بەهایی و سوننە و کوردی سوننە و دەروێشەکان دەگرێتەوە). بۆیە هەرجۆرە چالاکییەکی مەزهەبی کە بە پێچەوانەی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات بێت قەدەغەیە و ڕێگری لێدەکرێت.

ئەو ناهەقییانەی کە بە پێی دەستوور لە کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان لە ئێران دەکرێت بۆ نموونە:

ئەو کەمایەتییانەی بەپێی مادەی 107 بۆیان نییە خۆیان بۆ پۆستی ڕابەری یان ئەندامبوون لە ئەنجوومەنی ڕابەری هەڵبژێرن، چونکە

ڕابەر دەبێت ئایەتوڵڵا بێت، ڕابەر لەلایەن ئەنجوومەنی شارەزایان هەڵدەبژێردرێت و ئەنجوومەنی شارەزایانیش لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. بەپێی ئەو دەستوورە لەناو شیعەکانیشدا ژمارەیەکی کەم هەیە، کە شمولی ئەو ماددەیە دەکات.

بەپێی دەستـووری ئێران هەموو کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان بەتەواوەتی ناتوانن پۆستی سیاسی و کارگێڕی و دادوەری، لە هەموو ئاستەکاندا وەربگرن. بەپێی ماددەی 115 سەرۆککۆمار دەبێت لەناو پیاوانی سیاسی و مەزهەبیی وڵات هەڵبژێریت ئەویش چەند مەرجێکی هەیە، لەوانە دەبێت سەرۆککۆمار لە بنەڕەتدا خەڵکی ئێران بێت، کارامە و لێهاتوو بێت، پابەندی بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت، پابەند و شوێنکەوتووی مەزهەبی ڕەسمیی وڵات کە شیعەی دوانزە ئیمامییە بێت. هەروەها بەپێی ماددەی 121 سەرۆککۆمار دەبێت لە کاتی سوێندخواردن سوێند بە قورئان بخوات، کە پارێزگاری لە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات، کە مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامییە بکات.

کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان بۆیان نییە ببنە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایان (ئەنجوومەنی شارەزایان هەموویان ئایەتوڵڵا و مـەلان) بـەڵام بەپێی مـاددەی 67 دەستوور زەردەشتی و جوولەکە و مەسیحی و کلد و ئاشووری بۆیان هەیە هەرکامیان یەك ئەندامیان لە پەرلەمان هەبێت. لێرەشدا یارسانییەکان و ئەهلی حەق و بەهایی و کاکەیی بۆیان نییە تەنانەت ببنە ئەندامی پەرلەمانیش.

کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینییەکان بۆیان نییە پۆست لە دەزگای دادوەری وەربگرن، بەپێی ماددەی 61 دەستوور، چونکە هەموو کار و کـردەوەی دەزگای دادوەری دەبێت بەپێی ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە بێت، بەم شێوەیە کەمایەتییە ئایینەکان و مەزهەبییەکان کێشەی دەستووریان هەیە بۆئەوەی لە دەزگای دادوەری پۆست وەربگرن یان کاربکەن، بۆنموونە هەڵبژاردنی دادوەر یەکێکە لەو کێشانەی کە کەمایەتییە مەزهەبی و ئایینەکان هەیانە.

ماددەکانی 12 و 13 ی دەستووری ئێران گرنگی بە مەزهەبی شیعە و مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دەدات. لە ماددەی 12 دا هاتووە، کە ئایینی ئیسلامی ئایینی ڕەسمیی وڵاتە و مەزهەبی شیعە مەزهەبی ڕەسمییە، بۆ هەمیشە و قابیلی گۆڕان نییە و هەتاهەتاییە، بەڵام مەزهەبەکانی دیکەی وەکو شافیعی و مالیکی و حەنبەلی و حەنەفی و زەیدی ڕێزیان هەیە و شوێنکەوتووانی دەتوانن مەراسیمە ئایینەکانیان ئەنجامبدەن، (لێرەشدا بەهایی و یارسانی و کاکەیی و ئەهلی حەق فەرامۆشکراون) هەندێك لە شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی بەهاییەکان تێکدراوە و هەندێك لە شوێنە پیرۆزەکانی دەروێشەکانیان تێکداوە و لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە، تا ئێستا مۆڵەتی نەداوە لە تاران مزگەوتێکی سوننە دروستبکرێت. لە ماددەی 13 ی دەستووردا تەنیا کەمایەتییە ئایینەکانی وەك زەردەشتی و مەسیحی و جوولەکە بەڕەسمی دەناسرێن و ئەوانی تر نارەسمی و قەدەغەن.

بەپێی ماددەی 2 ی دەستوور حکومەتی ئێران لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و مەزهەبی شیعە بونیادنراوە.

پێگەی شوێنکەوتووانی مەزهەبی شیعە سەبارەت بە باقیی مەزهەبەکانی تر بەپێی دەستوور بەرزنرخێندراوە و لەسەرەوەون.

بەپێی ماددەی 503 لە یاسای سزادانی ئیسلامی لە ئێران هەرکەسێك جنێو یان سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیسلام یان پێغەمبەران یان ئیمامان بکات، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێندرێت. بۆ نموونە بەپێی ئەو یاسایە مێرمنداڵێکی بەهایی بە ناوی نەسیم لە ساڵی 2008 بە تاوانی ئەوەی، کە لە کاتی نزا و پاڕانەوە لە قوتابخانە پێکەنی بوو، لە قوتابخانە دەرکرا و پاشان دەستگیر و دادگاییکرا.

## بەشێکی تر لە هەڵاواردنەکان سەبارەت بە کەمایەتییە نەتەوەییەکان

شێوەیەکی تر لە هـەڵاواردنـی نەتەوەیی و قەومی لە دەستووردا دەبینرێت، بۆ نموونە بەپێی مـاددەی 15 ی دەستووری ئێران زمان و نووسینی ڕەسمیی وڵات فارسییە و خوێندن و نووسین بە زمانی فارسییە، بەڵام لەپاڵ زمانی فارسی زمانەکانی تری نەتەوەکانی تر ئازادە و خوێندن و

نووسین بە زمانی زکماگی لەپاڵ زمانی فارسی ئازادە. تا ئێستا ئەو ماددەیە لە دەستووری جێبەجێنەکراوە و منداڵەکانی کورد و تورك و بلووچ و عەرەب هەموویان دەبێت بە زمانی فارسی بخوێن، لە قوتابخانەکانی ئێران جگە لە فارسی بە هیچ زمانێکی تری نەتەوەکانی ئێران ناخوێندرێت و نانووسرێت و هەروەها میدیاکان و ڕۆژنامەکان هەمووی بە زمانی فارسییە. تەرکیز خستنەسەر زمانی فارسی و پشتگوێخستنی زمانەکانی تری نەتەوەکانی ئێران بووەتەهۆی ئەوەی کە بەشێك لە ئەدەبیات و فەرهەنگ و موزیکی ئەو نەتەوانە فەرامۆشبکرێن و منداڵ لە قوتابخانە لەبری ئەوەی، کە زمانی خۆی بخوێنێت زمانێکی تر دەخوێنێت لەماڵەوە بە زمانی زکماگی و زمانی دایکی قسە دەکات، لە قوتابخانە بە زمانێکی تر. ئەمەش دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی زیرەکی و هۆشیاریی منداڵ، چونکە هەرمنداڵێك بە زمانی دایکی بخوێنێت و بنووسێت باشتر فێردەبێت و بە وتەی نۆم چۆمسکی فەیلەسووف و زماناس و ڕەخنەگری گەورەی ئەمریکی هەرکەسێك زمانی دایکی بەباشی نەزانێت زمانەکانی دیکەش بەباشی فێر نابێت.

> ئێستا لە سۆنگەی فارسەکانەوە پرسێك بە نێوی نەتەوەگەراییەوە نییە، ناسیۆنالیزمی فارس لەبرەودا نییە دژ بەم کاندیدانە، بەڵکو فارسەکان زێدەتر لە پرسی ئایینda تووڕەن، ئەوان بەشێکیان بەتایبەتی لە تاراندا وابەستەن بە سیکۆلاریبوونی ژیانی ئێرانییەکانەوە

## پۆستی سەرۆککۆماری لە ئێران چۆنە؟

هەڵبژاردنەکان لە ئێران بە جۆرێکە، کە هەموو کەس ناتوانێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری کاندیدبکات، چونکە کۆمەڵێك مەرجی هەیە کە ئەو مەرجانە زۆرجار هەموو کەسەکان ناگرێتەوە، بۆ نموونە ژنان، کوردی سوننە، مەسیحی، زەردەشتی و جوولەکە و بەهایی و یارسانی و ئەهلی حەق و ئێزدی و باقی کەمایەتیەکان ئایینی و مەزهەبییەکانی تر مافی ئەوەیان نییە ببن بە سەرۆککۆمار و ئەمەش بەپێی چەندین ماددە لە دەستووری ئێران. لە لایەکی ترەوە کوردی سوننە و باقیی مەزهەب و ئایینەکانی تر بۆیان نییە ببینە ئەندامی ئەنجوومەنی چاودێریی دەستوور، یان ببنە وەزیر یان بەرپرسێکی گەورە. چونکە زۆرجار لە کاتی دامەزراندنیش مەزهەبی ڕەسمیی وڵات دەبێتە یەکێك لە مەرجەکانی وەرگرتن، هەربۆیە دەبینی ڕەنگە کەسێك هەموو توانا فیکری و جەستەیی و هۆشیاری و لێهاتوویی تێدابێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە سەر بە مەزهەبی ڕەسمیی وڵات نییە ناتوانێت فلان پۆست وەربگرێت یان لە فلان فەرمانگە دابمەزرێت.

هەرچەند ماددەی 19ی دەستووری ئێران دەڵێت: هەموو خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و نەژادێك و ئاینێك بێت، خاوەنی مافی یەکسانە و ڕەنگ و زمان و نەژاد و مەزهەب نابێتە ئیمتیاز و گەورەیی بۆ هیچ قەوم و نەژاد و ئاینێك. یان لە ماددەی 20 ی دەستووردا هاتووە، کە هەموو خەڵکی وڵات بە ژن و پیاوەوە هەموو لە بەرامبەر قانوون و یاسادا یەکسانن و هەمووان بە لەبەرچاوگرتن و پاراستنی بنەماکانی ئیسلام دەبنە خاوەنی مافی مرۆیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیان. ئەگەر بەپێی ئەو یاسایە بێت هەموو دەتوانن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری کاندیدبکەن، بەڵام هەر بەپێی ئەو دەستوورە کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان بۆیان نییە ببن بە سەرۆککۆمار.

## مەرجەکانی بوون بە سەرۆککۆمار لە ئێراندا

بەپێی ماددەی 115 ی دەستوور ئەو کەسانەی، کە بەنیازن خۆیان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری کاندیدبکەن، دەبێت ئەو مەرجانەیان تێدابێت:

سەرۆککۆمار دەبێت لەناو پیاوانی سیاسی یان مەزهەبی هەڵبژێردرێت، کەواتە لێرەدا کەسێکی فەرهەنگی یان وەرزشی یان کۆمەڵایەتی، بۆی نییە خۆی هەڵبژێرێت و ناوی خۆی تۆماربکات. لێرەدا زۆر بەئاشکرای و راشکاوی ژنان بۆیان نییە ببنە بە سەرۆککۆمار، چونکە دەستوور دەڵێت کاندیدەکە دەبێت پیاوبێت، پیاوێکی سیاسی یان ئایینی.

سەرۆککۆمار دەبێت خەڵکی ئێران و دانیشتووی ئێران بێت.

کارگێڕ و لێهاتوو و کارامە بێت.

دەبێت خاوەنی پێشینیەیەکی بێگەرد و پاك بێت.

پابەندبێت بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پابەندبێت بە مەزهەبی رەسمیی وڵات.

لێرەدا بەئاشکرایی راگەیەندراوە کە مەسیحی و زەردەشتی جوولەکە و کوردی سوننە، سوننە و بەهایی و یارسانی و ئێزدی و ...هتد ناتوانن ببنە سەرۆککۆمار و بەپێی دەستوور و یاسا و قانوون دوورخراونەتەوە و ئەمەش کە زۆرجار هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لەلایەن کەمینە ئایین و مەزهەبییەکان بەگەرمی پێشوازی لێناکرێت، بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان و چوونە سەر سندوقەکانی دەنگ بەساردوسڕی ئەنجام دەدرێت.

## وشەی پیاو لە دەستووری ئێراندا

لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئێران بەتایبەتی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری حەساسییەت لەسەر وشەی پیاو دروستدەبێت، تا ئێستاش یەکێك لەو رەخنانەی کە لە دەستووری ئێران دەگیرێت ماددەی 115 دەستوری ئێرانە، کە لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا هاتووە، کە دەبێت سەرۆککۆمار لە پیاوە سیاسی و مەزهەبییەکانی وڵات بێت. لە دەستوورەکە وشەی "رجال" هاتووە کە بە مانای پیاوە و ئەمەش وای کردووە کە تا ئێستا ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور نەیتوانیوە هیچ ژنێك بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری پەسەندبکات، هەرچەند لە هەموو خولەکاندا هەندێك لە ژنان ئازایانە ناوی خۆیان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری کاندیددەکەن هەرچەند دەزانن کە ئەوان بە حوکمی ئەوەی کە ژنن پەسەندناکرێن، بەڵام هەر بۆ تەحەددایەك ئەو کارە دەکەن. رێکخراوەکانی مەدەنی و ژنان هەمیشە رەخنەی توندیان ئاراستەی ئەو ماددە دەستوورییە کردووە، کە ئەوانی لە مافی خۆیان بێبەشکردووە و لەناو ژنانیشدا کەسانی لێهاتوو و کارامە و کارگێڕ و پسپۆڕ هەیە، کە بتوانن ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات بگرنە ئەستۆ.

## ئایا ژنان توانای ئەوەیان هەیە ببنە سەرۆککۆمار

ژنان دەڵێن هەروەك چۆن لە شۆڕشی 1979 ی ئێراندا رۆڵێکی کاریگەریان گێڕا، لە مەسەلەی بەڕێوەبەردنی وڵاتیشدا دەتوانن رۆڵی باشتر و کاراتر بگێڕن.

نزیکەی چل ساڵ لە شۆڕشی ئێران تێدەپەڕی و سەرەڕای ئەوەی، کە ژنان لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا سەرکەوتنی زۆریان بەدەستهێنا، بەڵام هێشتا لە سیاسەتدا بەتایبەتی لە پۆستی سەرۆککۆماریدا سەرکەوتوو نەبوون و یاسا رێگەینەداوە ژنێك ببێت بە سەرۆکی ئەو وڵاتە. بە بەراوردکردن لە گەڵ وڵاتانی جیهان رێژەی ژنە پەرلەمانتارەکان لە ئێرانیشدا لە ئاستێکی پێویستدا نییە و زۆربەی مافناسان و شارەزایانی بواری یاسا پێیانوایە گەورەترین کێشە لەسەر رێگەی بەشداریی ژنان لە جومگەکانی سیاسەتدا دەگەرێتە بۆ خودی دەستوور.

ماددەی 115 دەستوور پێداگری لەسەر ئەوەدەکات، کە سەرۆککۆمار دەبێت لەناو پیاوان بەتایبەتی پیاوانی سیاسی یان مەزهەبی هەڵبژێردرێت،بەم شێوەیە ژن لەو مافە بێبەشدەکرێت. ئەنجوومەنی چاودێریی دەستوور کە لە12 کەس پێکدێن، کە 6 کەسیان ئایەتوڵڵان و 6 کەسەکەتریش یاساناسن بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە، هەندێکیان پێیانوایە تەنیا پیاوان بۆیان هەیە ببنە سەرۆککۆمار، بەڵام ئەمە لە کاتێکدا کە عەباس عەلی کەدخودایی وتەبێژی ئەنجوومەنی چاودێریی دەستوور پێیوایە، کە هیچ رێگرییەك نییە لەسەر رێگەی ئەوەی کە ژنان ببن بە سەرۆك کۆمار.

پەرلەمانتارێکی پێشووی ئێران، کە ژنە و ناوی ڕەفعەتی بەیاتە و ناوی خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ئێران تۆمارکرد، لەلایەن ئەنجوومەنی چاودێریی دەستوورەوە ڕەتکرایەوە لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئاژانسی بی بی سی دەڵێت: گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران تەواو پیاوانەیە، لە دنیادا وایە، سەیرکە لە ئەمریکا خەڵکی ژنێکی وەك هیلاری کلنیتۆنیان هەڵنەبژارد و لەبری ئەو پیاوێکی وەك ترەمپیان هەڵبژارد. هەڵبەت دەبێت ژنانیش خۆیان ئامادەبکەن، بێنە ناو گۆڕەپانەکە و هەموو تواناکانی خۆیان وەگەڕبخەن.

لەبەرامبەریشدا گیتی پوورفازل مافناس و چالاکی مافی مرۆڤ لەو بارەیەوە دەڵێت: گرنگ نییە کە ژنان بتوانن ببن بە سەرۆککۆمار یان سەرۆکوەزیران، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە ژنان بتوانن مافە بنچینییەکانی خۆیان بەدەستبهێنن، بەڵام بیرتەسکیی پیاوانی نەریتی و سیستمی حکومەتی ئێران بەو جۆرەیە کە بڕوایان بە تواناکانی ژنان نییە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەتایبەتی لە 50 ساڵی ڕابردوو ژنان وا خۆیان نیشانداوە، کە هەر بەرپرسیارێتییەکیان وەرگرتبێت بە باشترین شێوە ئەنجامیانداوە، پیاوان پێیانوایە ئەگەر دەسەڵات بدەن بە ژنان ئەوە لە دەسەڵاتی پیاوان کەمدەبێتەوە، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە کە یەکسانیی ژن و پیاوە کە دەبێتە بەرزبوونەوەی ئاستی کۆمەڵگا.

گیتی پوور فازل پێیوایە ژنانی ئێران خاوەنی توانایەکی زۆرن بۆئەوەی وڵات بخەنە سەر سکەی خۆی و درك و تێگەیشتنی ژنانی ئێرانی لە خەڵکی پاکستان و هیندستان کەمتر نییە، لە کاتێکدا لەو دوو وڵاتە ژنان توانیویانە سەرەڕای بوونی نەریتی پیاوسالاری، بەڵام توانیویانە پۆستە گرنگە سیاسییەکان بگرنە دەست. کێشەی سەرەکیی چینی پیاوانی نەریتخواز لە ئێران ئەوەیە، کە ئامادە نین دان بە تواناکانی ژناندا بهێن و هەمیشە تەئکید لەسەر دایکایەتی و کابانی و هاوسەرێتیی ژنان دەکەنەوە.

هەندێك لە کۆمەڵناسان و لێکۆڵەوەران، پێیانوایە ژنانی ئێران بەتایبەتی لە 30 ساڵی ڕابردوودا هیچ کات ناچالاك نەبوون و بەردەوام هەوڵیانداوە، سەرەڕای هەموو ئەو کەند و کۆسپانەی هاتوونەتە سەر ڕێگەیان. ژنان هەموو هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان خستووەتەگەڕ.

مێهرداد دەروێش پوور مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم لە سوید لەوبارەیەوە دەڵێت، ژنانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا لە ئێستادا لە بواری سیاسەتدا چالاکن و حزوورێکی چالاکتریان هەیە، هەرچەند سەرەڕای بوونی ئەو یاسایانەی کە بۆنی هەڵاواردنی لێدێت و ژنیان کردووە بە هاووڵاتیی پلەدوو، بەڵام دیسان ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە بواری سیاسەتدا چالاکن سەرەڕای هەموو گیرە و کێشەکانی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

بە وتەی ئەو مامۆستایە حکومەت کەند و کۆسپی زۆری لەسەر ڕێگەی مافەکانی ژنان داناوە، لە ڕابردوودا فەرهەنگ و پێکهاتەی کۆمەڵگا ڕێگربوون و مەجالی زۆریان بە ژنان نەدەدا و لە ئێستاشدا بەهۆی یاسا و دەستوورەوە هەڵاواردنەکان زیاتر بووە.

مێهرداد دەرویش پوور پێیوایە تەنیا کێشەی یاسایی نییە، کە ژنان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەڵکو پێکهاتە و کولتووری پیاوسالاری و باوکسالاری لە کۆمەڵگەی ئێران زۆر بەهێزە و هەر ئەوەش وایکردووە، کە زەمینەش بڕەخسێت و مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی هەڵاواردن لە ئێران لەناوبچێت هێشتا بەهێز بوونی کولتووری پیاوسالاری دەتوانێت ڕێگرێکی سەرسەخت بێت لە بەردەم ژناندا.

ئەو مامۆستای زانکۆیە پێیوایە بە لەناوچوونی هەڵاواردنی ڕەگەزی، هەنگاوێکی تر کۆمەڵگا لە کولتووری باوکسالاری و پیاوسالاری دووردەکەوێتەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە گۆڕینی یاسا و قبووڵکردنی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتیی ژن بۆ لەناوبردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕێگە بۆ لەناوچوونی هەڵاواردنەکانی تری دەکاتەوە، زەمینەیەکی خۆش و لەبار بۆ بەشداریکردنی کاریگەرتری ژنان لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا ئامادە و فەراهەمدەکات، بەڵام نابێت پێمان وابێت ئەگەر ژنێك بوو بە سەرۆککۆمار ئیتر گۆڕانکارییەکی قووڵ لە پێکهاتەی کۆمەڵگایەك دروستدەبێت، نا شتی وا نییە.

بە بڕوای زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵناسان بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی ژنان و بزوتنەوەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان، لە چەند ساڵی ڕابردوو وا دەکات کە نەوەی نوێی ژنان لە داهاتوودا هەروا بەئاسانی ئامادە نەبن، کە دەسەڵاتی پیاوان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی قبووڵبکەن، بچنە ژێر ڕکێفی پیاوان.